# باخچەکانی وەڕسیی

بەرزان هەستیار
شوباتی2010
ئەڵمانیا/ کۆلن

bhastiar@yahoo.de

کە بیتاقەتیی ،....

وەک جگەرە ئەمنێت بە لێوی خۆیەوە ،....

کتێبخانەکەم ئەگەڕێم ،

پاشان هیچ ناخوێنمەوە .. هیچ

*******

بەم ناوەختە زەنگ بۆ هاوڕێیەک لێ ئەدەم

سور ئەزانم بەم مەستییە لێم بێزارە

کەچی ئەو دێڕە شیعرانەی بۆ ئەخوێنمەوە

که خۆشم کەیفم پێیان نایەت و
بە نیازم ،
چەشنی شووشەی بەتاڵ ، توێکڵی گوڵە بەڕۆژە ،......
فڕێیان دەم
*******
گوێ لە هاژەی ڕژانی " چالاک"^ ئەگرم و
"مەحوی " بە هەموو هەیبەتی خۆیەوە....
لە تەنیشتمەوە دانیشتووە ،
کەچی ئەوەندە بێ سرفەتم
کراسی ئەم بێزارییەم ، ئوتووەکەی ناشکێت
*******
لەو پەڕی سەرقاڵیی خۆمدا
ڕژانی ئەستێرە،.....
خۆ کوشتنی کچێکم بیردێنێتەوە
کە پشکۆی یەکەمین ماچ ،کردی بە سەهۆڵ
*******

لە جەنجاڵیی خۆمدا ....
چرکەیەکم ئەوێت ، لە گۆڕستان هێمنتر،....
ماچی غەمگینترین ژنی تیا بکەم و
ڕانەچڵەکێت!!
*******
کە ویستت لە داخی نەهاتنی یار خۆت بکوژیت
بێ دوو دڵیی ، بە چەپکێ گوڵەوە.....
لە جێ ژواندا مەجووڵێ ،
مەرگی دڵدار ،....

به ڕەونەقترین تابلۆیە......

لەو ساتەیدا ،کە چاوەکانی بەسەر ڕێیەکەوە ئەبڵەق بوون

*******

ڕۆژێک دێت ئەوەندە پەپوولە ئەبارێت

ڕێی چوونە لای یارم نامێنێت ،

ئەو ڕۆژە ، نە، ئەو گازندەم لێ ئەکا و

نە ، منیش نیگەرانیی دام ئەگرێت

هەردووکمان ئەزانین.....

عیشق ئەبێت جار جارێ پشوو بات

*******

هەمیشە خودایەک و ئافرەتێکم خۆش ئەوێت

خودا ،

لە ترسی عەزاب و

ئافرەتەکەش ،

بە خاتر بەهێی بۆنخۆشی میهرەبانییەکەی

*******

^ چالاک ؛ مەبەست لە هونەرمەندی نەمر 'ڕەفیق چالاک"ە .